# کورتەیەک لە مێژووی ژیانەوە و یەکگرتنەوەی ئیتالیا/ Risergimento 1848-1871

*ئەزموون و وانەیەک، بۆ لێوە فێربوون..*

************************************

نووسین و ئامادەکردنی ... هەڵۆ بەرزنجەیی ... 11.11.2020

ئەو ئیتالیایەی ئێستا لەسەر نەخشەی جیهان دەیبینن، مێژووەکەی بریتییە لە:

بیرۆکەی ژیانەوەی ئیتالیایەکی یەکگرتوو. ڕەنگە باشتر بێت چەند هەنگاوێ بچینەوە دواوە بۆ ساڵی 1815، کە بە سەرەتای /Risorgimento ژیانەوە و یەکگرتنەوەی ئیتالیا دادەنرێت. بەڵام بەتێکرا لە ساڵی1848 هەوڵەکان بۆ یەکگرتنەوە چڕ بوونەوە و هاوشانی شۆڕشەکانی تری ئەوروپا بەتایبەت ئەڵمانی ڕەوتی کرد. یەکێ لە سەرکردە ئیتالییەکان دەڵێ: " میللەتێکی 20ملیۆنی ناتوانرێ بچەوسێندرێتەوە،گەر یەگکرتوو خاوەن خۆی بێت". هەڵبەت هیچ نەتەوە و میللەتێک ڕازی نییە بێگانە حوکمی بکات و ژیانی بندەستی بەسەر بەرێت.. لە هەر قۆناغ و بە پێی توانا و شیاوبوون، ئامادەبوون بۆ قوربانیدانیش، هەوڵی سەربەخۆیی و ئازادی دەدەن.

ئیتالیاش دوای نەمانی ئیمپراتۆرێتی ڕۆمانی، بەسەر چەند ناوچەیەکی دابڕاو لە یەکتردا نزیکەی 10 نیمچە دەوڵەتۆکەی پاشانشین دابەش بوو. ئیتالیا بووە تەنها چەمکێکی جوگرافیایی. ئەم وڵاتە دەوڵەمەند بوو بە سەرمایەی کەلوپەل و کار و شوێنەواری تەلارسازی و هونەریی و کەسایەتی ئەدیب و وێنەکێش و موزیکزان و نووسەری دیار و هەڵکەوتووی خاوەن فیکر و هزرمەندیی، بەڵام لە ڕووی پیشەسازییەوە زۆر پێشکەوتوو نەبوو. جگە لە کولتوور و شانازییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆرێتی ناوبراو، هیچ شتێ پێکەوە کۆینەدەکردنەوە...

یەکێ لە هۆکارەکان ئەو گورزە کوشندە جەرگبڕە بوو کە فەرەنسییەکان لە ساڵی 1796 لە ئیتالیان دا و چەند حکومەتێکی جیاجیای ئیتالییان بۆ مەرامی سیاسیی و سەربازی خۆیان دروست کرد. هاوکات تاڵان و بڕۆی ئیتالیا لەلایەن فەرەنساوە کرا و باجی قورس لەسەر ئیتالییەکان دانرا.

فەرەنسا ئەم هەموو مامەڵە خراپەی لەتەک ئیتالیا کردووە، لە گەڵ ئەوەشدا کاتێ ناپلیۆن ساڵی 1805 ئیتالیا داگیر دەکات و پاشا «مالزی» تاجی وڵاتەکەی بۆدێنێ ناپلیۆن پێی دەڵێ: «**هەمیشە ئاواتم ئەوەبووە نەتەوەی ئیتالی ئازاد و سەربەخۆ بێت. من ئەم تاجە وەردەگرم و پارێزگاری لێ دەکەم تا ئەو کاتەی بەرژەوەندییەکانم مەیسەر دەبن.**« گرفتی ئیتالیا هەر پارچەپارچەبوون نەبوو، بەڵکو داگیرکاریش بوو. ئیتالیا بەلانی کەمەوە لەلایەن 3 هێزی بێگانەوە- **نەمسا/ هابسبۆرگ، بوربۆنەکان/ئیسپانیا و فەرەنساوە-** بەڕێوە دەبرا.

لەسەردەمی شەڕەکانی ناپلیۆن دا، زۆرینەی باکووری ئیتالیا لەلایەن فەرەنساوە بەڕێوە دەبران.. باشووریش بە هەمان شێوە پاشانشینی Neapel ناپۆلی. لێرە دوو دەوڵەتی پاشانشین دروست کرا، هەردووکیان پاشکۆ و سەر بە دەوڵەتی فەرەنسا بوون. ئەم دوو پاشانشینە ڕاستەوخۆ لەلایەن ناپلیۆنی سێیەم و زۆربەی کەسوکاری تری خودی ناپلیۆنەوە بەڕێوە دەبران.

لەگەڵ ئەمەشدا هەر لەم دوو دەڤەرەدا ویست و خواست و باوەڕی نەتەوەیی ئیتالی بۆ یەکگرتنەوە تا دەهات بەرزتر دەبۆوە... هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیەش خەڵکانی لیبەڕاڵی ناسیۆنالیستی و هاوڵاتی مافپارێز بوون. بەڵام بەداخەوە واقعی تاڵی سیاسی شتێکی تری دەنواند.

دوای کۆنگرەی ڤیەنا لەسەر بنچینەی بەدەستهێنانەوە و نوێکردنەوە و ڕەوایەتی Restauration&Legitimität ئیتالیا دۆخێکی تری وەرگرت. زۆربەی باکوور کەوتە ژێر دەست ئیمپراتۆرێتی هابسبۆرگLombardo,Venetien لە باشوور Parma,Modena,Taskana, بەهەمان شێوە لە لایەن دەستوپێوەندەکانی هابسبۆرگەوە حوکم دەکرا. لە هەردوو بەشی حوکمڕانی پاشایی Sizillien سیسیلیا، واتە لە شانشینی سیسیلیا و باشووری ئیتالیا لەلایەن Bourbonen کە لە فەرەنسا و ئیسپانیاوە هاتبوون بەڕێوە دەبرا. لە ناوەڕاستی ئیتالیادا، دەوڵەتی کڵێسا کە سەر بەدەوڵەتی پاپا بوو،

دەسەڵاتی هەبوو. ئەم دەسەڵاتە خۆماڵی بوو،لە لایەن پاشا و میرەکانی بنەماڵەی ساڤۆیانەوە حوکم دەکرا لەژێر چاودێری فەرەنسادا. بەمجۆرە تەواوی ئیتالیای پارچەپارچەکراو لەلایەن دەسەڵاتی بێگانەوە حوکمی لێ دەکرا..

وەک ئاماژەمان پێدا تەنها شوێنێ کە لە لایەن ماڵی / بنەماڵەیەکی میرنشینی بەگزادەی ئیتالییەوە بەناوی Savoyen بەڕێوە دەبرا Piemonto-Sardinien بوو..

لەم سەردەمەدا لەنێوان کۆنگرەی ڤییەنا و شۆڕشی 1848دا، لە ئیتالیا تەنها خەباتی نهێنی و ژێرزەمینی هەبوو. ئەوانەی ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریان لەم مەیدانەدا دەگێڕا-:

١/ Guisseppe Mazzini -ماتزینی نەتەوەپەروەر و دیموکرات کە ئەندامێکی هەڵکەوتووی / Carbonari خەڵووزخوازی بوو. - لای خۆشمان ڕێکخراوی دارکەل لەسەر ئەم شێوازە هاتە کایەوە-. لەگەڵ Garibaldi کە بە پاڵەوانی داستانی یەکگرتنەوە ناودەبرێت. دواتر ماتزینی 1831 بزاڤێکی نهێنی دروست دەکات کە ناسراو بوو بە ئیتالیای لاو La Giovine Italia / و ساڵی 1833 گاریباڵدش دەبێتە ئەندامی ئەم بزاڤە و پێکەوە خەبات و ڕاپەڕین لەتەواوی ئیتالیادا ڕادەگەیەنن.
ئاڕاستە و ئامانجی ئەم بزاڤە بریتی بوو لە هەوڵ و خەبات و تێکۆشان بە شێوازی جۆراوجۆر لە پێناوی « **یەکگرتنەوە و دامەزراندنی کۆماری ئیتالیای دیموکرات**» دا بێ پاشا. بە واتای ئەوەی خەبات لە ژێرەوە بۆ سەرەوە، La Italia  fará da sel یەکگرتن لەناو گەلەوە بۆ لای سەرکردە و بەپرس و سیمبۆڵەکان و خەباتی یەکگرتنەوە ئەرکی تەنها خودی ئیتالیاییەکانە. ماتزینی لە ڕێگای دەرکردنی ڕۆژنامەیەکەوە Lagovien Italia بووە نوێنەر و قسەکەری ئەم بزاڤە نەتەوەییە. ئەم گرووپانە خەریکی ڕێکخستن و سازدانی ڕاپەڕین و چالاکیی بوون و زۆربەی لەدژی دەسەڵاتی بێگانە بوو. ماتزینی و گاریباڵدی زۆر چالاک بوون و کاری گەورەیان لە ڕێکخستن و هوشیارکردنەوە و ڕاپەڕین و شۆڕشی ئیتالیادا گێرا.

٢ - هەوڵی یەکگرتنەوە بە دروشمی لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەلایەن ماڵی Savoyen کە پاشای ئیتالیا بوون.ئەمانە باوەڕیان بە ئیتالیایەکی پاشایی هەبوو. دیارە پێکهاتەی خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان لەپێشچاو گرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، دوایش دەردەکەوێ ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە پرۆسەی یەکگرتنەوەکەدا دەگێڕن. بەسەرکردایەتی سەرەک وەزیرانە هەڵکەوتووەکەی/ Camillo Benso Graf von Cafvour . کافور و دەرکردنی ڕۆژنامەی بەناوبانگی Il Risorgimento...لە ساڵی 1847 دا. ئەمانە دەسەڵاتیان هەر لە هی کۆنەوە بۆمابۆوە لە سنووری دەوڵەتی کڵێسادا بوو، فەرەنسییەکان پاڵپشتیان لێ دەکردن. بەکورتی ناوی ئەم ڕۆژنامەیە بووە ناوی سەرجەم بزاڤی یەکگرتنەوەی ئیتالیا لە مێژوودا Risorgimento...ژیانەوە و یەکخستنەوە..

کەواتە دوو ئاڕاستەی جیاواز لە بزاڤی ڕزگاری ئیتالیدا هەبووە، لێ هەردوو تەوژمەکە ئامانجیان یەکگرتنەوە بووە و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی بێگانە.






+ جەنگی یەکەمی یەکگرتنەوە1848-1849

لەم ساڵەدا تەواوی ئەوروپا بووە شانۆی کۆمەڵی شۆڕشی سەربەخۆیی. بەهەمان شێوە لە شارە گەورەکانی ئیتالیاش و نێو میرنشینەکان دا داوا کرا، ڕێگە بە هەبوونی دەستوور بدرێ و ئازادی زیاتر فەراهەم بکرێ . پاشای ناوبراویش کارل ئەلبەرتینۆ دەچێتە پاڵ ڕاپەڕیوەکان و پاڵپشتیان لێ دەکات.

Statut Albertino کە بەناوی پادشا Karl Albertino ەوە ناونراوە و لە Piemont-Sardininien بۆ یەکەم جار دەبێتە بنچینەی دەستووری ئیتالیا و تا ساڵی 1946 دەمێنێتەوە.

ئەوەی جێی بایەخپێدانە، تەواوی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئیتالیا لە دەڤەرە جیاجیاکاندا ئامانجێکی هاوبەش و ناوکۆییان هەبوو، ئەویش دەرپەڕاندنی هێزە بێگانەکان بوو لە وڵاتەکەیاندا.

لە Mailand, Florenz,Venedig,Rom تاNeapel -Palermo- واتە میلان، فلۆرێنس،ڤێنێدیگ، ڕۆما تا نیئاپل/ ناپۆلی و پالێرمۆ ، دەسەڵاتی داگیرکەری ئۆتۆکراتی /Habsburg هابسبۆرگ و بوربۆرن و پاپا ڕامالْن. پاشا Karl Albertinoلە Piemot- Sardinien چووە پاڵ ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە و پشتیوانی لێ کردن و کۆمەڵێ سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

دەسەڵاتی ئاوستریا/ نەمساوی دژ بەم ڕاپەڕینە وەستایەوە و ئیتالییەکانیان لە شەڕێکی سەخت دا بەسەرکردایەتی رادیسکی لە Lissa&Custozze 1848-1849 تێکشکاند. ئەوە بوو پادشا Karl Albertino وازی هێنا و کوڕەکەی Viktor Emanuel.IIبووە جێگرەوەی.

شایانی ئاماژە پێدانە کەوا کوڕەکەیشی لە ڕێبازی باوکی لای نەدا و بەدڵ و گیان بۆ ئیتالیا تێکۆشا و ئەمیش بەردەوام پاڵپشتی لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکان دەکرد.

کڵپەی شۆڕش هەر دانەدەمرکایەوە و لەم هەلومەرجەدا هەردووک سەرکردەی لێهاتوو ماتزینی و گاریباڵدی سەر بە ئیتالیای لاو، توانییان لە دەوڵەتی کڵێسا هێزە بێگانەکان دەرپەڕێنن و ڕۆما ئازاد بکەن و لەوێوە بە دەنگێکی دلێرەوە بانگەوازی کۆماری دیموکراتی ئیتالی ڕابگەیەنن.

لەماوەیەکی کورتدا توانرا کۆمەڵێ دستکەوتی مەزن بۆ ئیتالیا لە بواری نەتەوەیی و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگووزاریدا ئەنجام درا. مامۆستا و ئەندازیارەکەش ماتزینی بیرمەند بوو،بە هاوکاری هاوڕێکانی. هەر سێ دەوڵەتە زلهێزەکەی ئەوکاتە فەرەنسا و نەمسا و ئیسپانیا تەنانەت ئەڵمانیاش چاویان بەم گۆڕانکارییەی ناوەی ئیتالیا نەدەهات و هەموو چاویان بڕیبووە سەر داگیرکردنەوەی دەوڵەتی کڵێسا و بیخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

ئەمجارەیان فەرەنسا لە هەموویان زیاتر بەم دۆخە نیگەران بوو.. ساڵی 1849 خۆیان ئامادە کرد بۆ هێرشکردنە سەر ماتزینی و لایەنگرانی و بۆ پشتیوانی لە کلێسای ڕۆما . ئەوە بوو فەرەنسا زوو هاتە سەر هێڵ و پەلاماری هەردوو سەرکردە، ماتزینی و گاریباڵدی و هێزەکانیانی دا و تێکی شکاندن و هەردوو سەرکردەی و زۆرێک لە لایەنگرانیان ناچاری هەڵاتن بۆ دەرەوەی ئیتالیا کرد.

»سەرنج:لە وتارێکی سەربەخۆدا، بەجیا باس لە ژیاننامە و تێکۆشان و هزری ماتزینی دەکەم.«
بەم شێوەیە قۆناخی یەکەمی هەوڵی یەکگرتنەوەی ئیتالیا لە ساڵانی شۆڕشی 1849/1848 شکستی هێنا.

+ قۆناغی دووەم..

لە ئاکامی ئەم تێکشکاندن و قۆناخە نوێیەی ئیتالیا ڕووبەڕووی بۆوە، پاشا ئیمانوێل ئەلبێرتینۆ و کافور پەند و وانەیەکی باش فێربوون و بوونە خاوەنی ئەزموونێکی نوێ و تەواو هوشیار بوونەوە.. ئیدی خۆیان بۆ قۆناخی دووەمی ئاواتەکانیان ئامادە کرد..

وەک ئاماژەمان پێدا تێکشکان لە هەوڵ و شۆڕشی یەکەمدا ، زانیاری زۆر لای ئیتالییایەکان کۆبۆوە... یەکێ لە ئەزموون و وانەکان ئەوە بوو، کە ئیتالییەکان تێگەیشتن بەتەنها ناتوانن هێزەکانی ئاوستریا/ نەمسا ڕاماڵن. بۆیە بەناچاریش بێت، پێویستیان بە کۆمەک و هاوکاری دەرەکی هەیە.

کافور و ئەلبەرتینۆ هەردوو پێکەوە دوای ڕاو ڕاوێژ ،نەخشە و پلانێکی ژیرانەیان دارشت تا لەنێوان نەمسا و فەرەنسا بتوانن یارییەکی باش بکەن و یەکێکیان بکەنە دۆست و خەریکی شەڕی ئەوی تریان بن. کافور لەسەرەوە نزیکی فەرەنسییەکان بوو، لێ لەبنەوە پشتیوانی لە بزاڤە ئاتالییەکانی ناوخۆ دەکردو ئارەزوویشی بوو خۆی بێتە سەرۆکی ئیتالیای ئاینده. سیاسەتی بریتی بوو لەوەی فەرەنسا نەوروژێنێ و بەنەرمی و دبلۆماسی مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئەوە بوو بەختی ئەوان لە ساڵی 1853-1856 شەڕی/Krim قرم ،سەری هەڵدا،کە ڕووسیا دەیویست لاوازی دەوڵەتی عوسمانی بقۆزێتەوە و باڵادەستی تەواو بەسەر بالکاندا و گەرووی دەردەنیلدا بەدەست بهێنێ. فەرەنسا و ئینگلیزیش دژی ئەم هەوڵەی رووسەکان وەستانەوە. ئەم هەلە زێرین بوو هاتە بەردەم دەوڵەتی کلێسا، کە ماڵی ساڤۆیان بەپشتیوانی ڕاستەوخۆی فەرەنسا تێیدا حاکم بوون و جێی پاپا PuisIX بوو واتە ڤاتیکان. فەرەنسا کەوتە شەڕەوە، ئەوە بوو لە /Piemont-Sardinien کافور توانی لەگەڵ ناپلیۆنی سێیەمدا 1858ڕێکبکەوێ و پێشنیازیان کرد بۆ فەرەنسا لەم شەڕەدا ئەوان پاڵپشتی فەرەنسا دەکەن. وا ڕێکەوتن کافور یارمەتی فەرەنسا بدات لە شەڕیان دژ بە دەسەڵاتی نەمساوی بۆ رزگارکردنی ناوچەکانی Lombardo-Venetiensبەرامبەر بەمە هەردوو دەڤەری Nizza&Savoyen کە لەلایەن دەوڵەتی کلێساوە بەڕێوە دەبران و فەرەنسا پاڵپشتی لێ دەکردن، ئارام و سەقامگیر بخرێنە ژێر ڕکێفی فەرەنساوە...

لە مانگی گوڵانی 1859 دا ، ئیتالییەکان دەسەڵاتی نەمسایان وروژاند. چونکە لەم چرکەساتەدا نەمسا لە کێشەی گەورەدا بوو لەگەڵ پروسیای تازە هەڵکەوتووی بەهێزدا. باشتر بڵێم شەڕیان پێ فرۆشتن، و شەڕێکی قورس ڕووی دا لە Solferinoو ئیتالییەکان بە پشتیوانی فەرەنسییەکان لەشەڕەکەدا سەرکەوتن . بەڵام ئەوە بوو فەرەنسا بە هۆی گوشاری نێودەوڵەتییەوە زوو لە شەڕەکە کشایەوە. بەم هۆیەوە لەدوو ناوچەکە توانییان تەنها لۆمباردۆ بخنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. واتە تەنها نیوەی ناوچەکە بەدەست بهێننەوە. دیارە ئەمەش بۆ خۆی هەر سەرکەوتنە بۆ ئیتالیا...لە ڕێکەوتنامەی ئاشتی Zürichزوریخ 1859 تەنها لۆمباردۆ درا بە فەرەنسا، چونکە ڤێنیسیا هێشتا لەژێر چنگی نەمسادا مابۆوە..

جێی بایەخە ئاماژە بەوە بدەین بۆ یەکەمجار بەهۆی ئەم شەڕەوە ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی ساڵی 1864 لە لایەن هاوڵاتی سویسری Henri Dunantدروست دەکرێت.

1860ڕاپرسییەک/ ریفەراندۆم لەم ناوچانەی ژێر دەستی دەسەڵاتی نەمساوی هابسبۆرگ/ بۆربۆردییەکاندا ئەنجام درا. واتە لە ناوچەکانی پارما، مۆدێنا، تۆسکانا، کە بە ئاشکرا داوایان دەکرد، بچنە سەر شانشینی پیمۆنت- ساردینی. دواجار ئەم ناوچانە چوونەوە سەر شانشینی ناوبراو.

## گاریباڵدی و لەشکرە10,000 کەسییەکەی...

لە باشووری ئیتالیاوە Pama,Modena,Toskan گاریباڵدی بوو لە ساڵی 1860 دا بەخۆیی و 10,000 هەزار لایەنگرییەوە هاتوو لە دورگەی سیسیلیاوە دەستی بەسەر باشووری ئیتالیای گرت و دەسەڵاتی هابسبۆرگی دەرپەڕاند . کەوتە دەرپەڕاندنی پاشای بۆربۆمییەکان . بەم شێوەیە سیسیلیا و باشووری ئیتالیا ساڵی1860 کەوتەوە ژێردەسەڵات گاریباڵدی. بەڵام پیمۆنت- ساردینین هەر زوو ترسی لێ نیشت ،کەوا گاریباڵدی بەراگەیاندنی کۆمار لە باشووردا بەرەو باکووریش بجمێ و دەوڵەتی کلێساش داگیر بکات.

لەم دۆخەدا کە دەترسان کێشە و هەراکانیان لەگەڵ فەرەنسا جارێکی تر سەرهەڵبداتەوە و پرسی یەکگرتنەوی ئیتالیا زیانی پێ بگات . لە هەموویشی زیاتر دەسەڵاتی ناوبراو ترسی خۆیان بوو، کەوا ڕاستەوخۆ لە 1849 ەوە فەرەنسا پاڵپشتی لێ دەکردن، ئێستا لەلایەن کەسانی ترەوە کەوتوونەتە بەردەم مەترسییەوە ، ڕەنگە دەسەڵات لەدەست بدەن.

لەم چرکە ساتەدا کافور پێویستی بە بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە بوو. کافور میتۆدی گفتوگۆی هەڵبژارد و لە ناپلیۆنی سێیەم مۆڵەتی وەرگرت، دوو ناوچەی سەر بە کلێسا Marken&Umbrion داگیر بکات، تا بتوانێ ڕێگری دروست لە پێشرەوی گاریباڵدی بکات.. بەرامبەر بەمەش Latium بە پایتەختەکەیەوە Rom کە لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسادا بوو واز لێ بهێنێ و ئارامی تێک نەدات.

بەڵام هەموو ئەمانە گاریباڵدییان نەسڵەماندەوە. بێگومان هەڕەشە و گوڕەشەکانی گاریباڵدی بە کۆتایی نەدەگەیشتن و تا دەهات پێشڕەوی دەکرد. بەڕاستی لەمەیداندا گاریباڵدی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکی ریسۆرگیمێنتۆیە. ئەوە بوو لەهەمان ساڵ 1860 دا، لە دەنگدانێکی ڕاپرسیدا/ ڕیفەراندۆم لە سیسیلیای باشووی ئیتالیا زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک دەنگیان دا بە یەکگرتنەوە لەگەڵ پیمۆنت- ساردینین دا.

ئیدی گاریبالدی چ ئەلتەرناتیڤێکی بۆ نەمایەوە و بەم جۆرە ، ئەم بڕیارەی قبوڵ کرد و وازی لە لەشکرکێشی هێنا بۆسەر ناوچەکانی کافور و شوێنەکانی دیکەی ئیتالیا. واتە ئەم میتۆدەی خەباتی پەسەند کرد، ئاخر لای ئیتالییەکان بە هەردوو شێواز هەوڵ بۆ یەکێتی و یەکگرتنەوە دەدرا، « **لەناوەوە بە میتۆدی ریفەڕاندۆم و بەرامبەر بە بێگانە، بە شۆڕش و ڕاپەڕین».** بۆیە گاریباڵدی ناکۆکی بەرامبەری ئاکامی ڕیفەراندۆم نیشان نەدا. دەرئەنجام لە ڕووداوێکی زۆر سەرنج ڕاکێشدا، لە ساڵی 1861 لە Turin بانگەوازی کۆماری ئیتالیای ڕاگەیاندرا، پەرلەمان هەڵبژێردرا ، بەسەرۆکایەتی پاشای ساڤۆیانViktor Emanuel، پیمۆنت- ساردینی. زۆر سەرکەوتووانە ئەم هەنگاوە بەڕێوە چوو.

بەم شێوە قۆناخی دوومی خەبات بۆ یەکگرتنەوە ئامانجێکی پێکا و لێ بە هاوکێشەی ، لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەنێو لایەن و کاراکتەرەکانی وڵاتدا لە سەرکردە و پاشا رێکەوتن کرا. بەڵێ لە سەرەوە ڕێک کەوتن و خوارەوەش ڕەزامەند بوون.

دوای ئەم هەموو هەوڵ و تێکۆشان و بڕینی ڕێگای سەختی یەکگرتنەوە، هێشتا ئەرکی قورس و گران لەبەردەم ئیتالییەکاندا مابوو بگەنە دوا ئامانج... یەکێ لەوانە بریتی بوو لە هەردوو هەرێمی ڤینیسیا، لەژێر دەسەڵاتی نەمسا و لاسیۆم کە پایتەختەکەی ڕۆما بوو ، هەموو ئیتالییەکیش بە پایتەختی خۆی دەزانی ، سەر بە حوکمرانی دەوڵەتی پاپا/ کڵێسا بوو، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن فەرەنساوە بەڕێوە دەبرا. هەتا ئێرە هەموو شت لە ڕووی سیاسی و جوگرافیاییەوە بە ئاراستەی دروستدا دەڕۆیشت. ماسیۆ داسێلیۆ لەم بۆنەیەدا دەڵێ: **ئێمە ئیتالیامان دروست کرد، ماوەتە هاوڵاتی ئیتالیایی دروست بکەین..**

شایانی ئاماژە پێدانە،کە بزاڤەکەی ماتزینی، دروشمی یەکگرتنەوەی هەموو ئیتالیا بوو، لەم داویەش یەک سەنتیمەتر نەدەهاتنە خوارێ. ئیدی ئیتالیایەکی بێ ڕۆما و ڤینیسیا، هەرگیز جی قبوڵکردن نەبوو. ئیتالییەکان بە هۆی فرە دیالێکتی و کاریگەرێتی زمانە بێگانەکان لەسەر زمانەکەیان نەیان دەتوانی پێکەوە قسە و ئاڵوگۆڕی بیروباوەڕ بکەن. 18 لە25 ملیۆن ئیتالیایی ئەوسەردەمە تەنانەت خوێندن و نووسینیشیان نەدەزانی. تا ساڵی 1861زمانی ئیتالی ڕێژەیەک لە دەستەبژێرەکان دەیانتوانی قسەی پێ بکەن کە بریتی بوون لە 600,000 هەزار کەس واتە تەنها 2,5%. ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار کەمە.تەنانەت کە یەکەم پەرلەمان لە Turin هەڵبژێردرا وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، نوێنەرەکان بە فەرەنسی وتاریان پێشکەش دەکرد. دانتێ بە نووسینەکانی بەشێوەزاری تۆسکانی کاریگەرێتییەکی گەورەی دروست کرد بەسەر زمانی ئیتالییەوە. بۆنموونە Alessandro Manzoni کاتێ ڕۆمانی مێژوویی I Promessi Sposi دەنووسێ بە دیالێکتی بۆمباردی، دواتر خێرا دەیگۆڕنە سەر شێوەزارەکەی تۆسکانی کە دانتێ شتی پێ نووسیوە. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ لێکنزیکردنەوە و تێگەیشتنی زمانی نەتەوە. دواتر بووە بناخەی زمانی یەکگرتووش.

لەسایەی ئەم دۆخەدا باکووری ئیتالیا لە ڕووی پیشەسازییەوە زۆر بەرەو پێش چووبوون، بەپێچەوانەی باشوورەوە کە هەر خەریکی کشتوکاڵ و زەویوزار بوون. سیمایەکی دەربەگی دواکەوتوویی پێوە دیار بوو. ئەم دیاردەیە تا ئیمڕۆش کێشەیە و بە نەخشەی ئیتالیاوە دیارە. قۆناخێکی تری خەبات بۆ یەکگرتنەوە:

+ قۆناغی سێیەم و دوا وێستگەی یەکگرتنەوە..

ئیتالیاییەکان وەک میللەتێکی تینووی ئازادی، زۆر باش کاریان بۆ ئامانجی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوە دەکرد. زرنگ بوون و هەر دەرفەتێکیان بۆ هاتبێتە پێشەوە هەوڵیان داوە بیقۆزنەوە و بایی قەبارەی خۆیان لە زەمینەی خەباتدا کار بۆ ئامانجە ڕەواکانیان بکەن.. بۆیە هەر لە دەرفەتێک دەگەڕان تاوەکو ئەو ناوچانەی تریش رزگار بکەن و پرۆسەی یەکگرتنەوە بە ئامانج بگەیەنن. ساڵی 1866 کاتێ شەڕ لەنێوان هەرێمی هەڵکەوتوو و بەهێزی پروسیای ئەڵمانیا و دەسەڵاتی هابسبۆرگ دا سەری هەڵدا، ئیتالیا دەستبەجێ هاوپەیمانێتی لەگەڵ پروسیادا کرد. ئەوە بوو ئیتالیا لە Lissa &Custozzaئەگەرچی شەڕەکەیان بە نەمساوییەکان دۆڕاند، بەڵام ڤینیسیایان دەستکەوت، لەبەرئەوەی نەمسا شەڕەکەی لەئەنجامدا بە پروسیا دۆڕاند.

ساڵی 1870-1871 ئەمجارەیان شەڕ لەنێوانی پروسیا و فەرەنسادا پەیدا بوو. لەم کاتەدا شوێنێکی گرنگی وەک لاتسیۆ کە بەدەست فەرەنساوە بوو.فەرەنسا ناچار بوو بۆ شەڕکردن لەگەڵ پروسیای بەهێزدا، هێزەکانی لەم دەڤەرە بکێشێتەوە. ئا لەم هەلە زێڕینەدا ساڵی 1870 مانگی سێپتەمبەر، ئیتالییەکان گورجوگۆڵانە پەلاماری لاسیۆ و ڕۆمایان داو رزگاریان کرد و خستیانەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان...

1871پایتەخت لە فلۆڕەنساوە هێنرایەوە بۆ ڕۆما و وەک پایتەخت ناساندییان.. بەم شێوەیە چیرۆکی 53 ساڵەی خەباتی یەکگرتنەوەی ئیتالیا دەستی پێکرد و کۆتایی هات. چیرۆکێک کە پێمان دەڵێ: لە کاروانی ئەم خەباتە دووروودرێژەدا، تەواوی چین و توێژ و دەستە و گرووپە جیاوازەکان لە پاشا و میرەوە بۆ بیرمەند و قوتابی جوتیار و کرێکار و ڕەنجبەر و وردەبۆرژوای ناوەند بەشداری تێدا کردووە.

سیمایەکی تری گەشاوەی ئەم خەباتە، دوو میتۆدە جیاوازەکەی یەکگرتنەوەیە: ڕیفەڕاندۆم لە ناوخۆ و شۆڕش دژ بە بێگانە. لەمەش بەرچاوتر، سەرلەبەر باوەڕیان بە سەربەخۆیی و ڕزگاریی ئیتالیا و ڕامالینی بێگانە تێدا هەبووە. خەسڵەتێکی تری گرنگ و چارەنووسساز ئەوەیە، چەند فاکتی شەڕ و کەوتنە شەڕی هێزە داگیرکەرەکانی ئیتالیا وەک دەرفەت و چانس دەقۆزنەوە، خەباتی ڕزگاریخوازی و یەکگرتنەوە/ ریسۆرگیمێنتۆ بگەیەننە ئامانج و هێنانەدی خەونی پیرۆزیان. ئا بەم هۆیەوەیە کەEugen Lemberg ی مێژوونووسی ئەڵمانی دەڵێ: **«ئەو یەکەم چرکەساتەی وریابوونەوە، مانای ڕابوونی ئیتالی و دەستکەوتە مرۆییەکانی ئیتالیاییەکانە.«**

لەسەرەتاکانی سەدەی 19 ەوە، ئیتالیا مەودای داخوازییەکانی فراوان کردووە و وەک دەڵێن مەرامێکی کۆلۆنیالیستی تێئاخنیوە، داوای ناوچەکانی Terre irre dento دەکات، کە سەر بە هەنگاریا و نەمسا بوون/ هابسبۆرگ.

Trentino,Südtirol,Triest,Frioul,Istrien کە زۆربەیان بە ئەڵمانی قسە دەکەن و ئیتالی و بەشێکی زۆری کرواتی و سلۆڤێنین. کەچی ئیتالیا بە بەشێکی جیانەبووەی جوگرافیای ئیتالیان دادەنێن.. ئەم کێشەیە هەر ماوە و هەتا ئێستاش بەو شێوە چارەسەر نەکراوە، مرۆ بەزەقی هەستی پێنەکات.دوای شەڕی جیهانی یەکەم بەشێکی ئەم ناوچانە درا بە ئیتالیا.

Hagen Schulze ی مێژوونووس دەڵێ: **"مرۆ دەتوانێ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی ئیتالیا، وەکو مێژووی « کوولتوریی و سیاسی و لیبەڕاڵی»** دەستەبژێری هاوڵاتی - ئەرستۆکراتی بنووسێتەوە. شایانی ئاماژە پێدانە، یەکگرتنی ئیتالیا و ئەڵمانیا زۆر شتی هاوبەشیان هەیە و لێک دەچن و قۆناخی شۆڕشەکانیشیان هاوکاتە. تاکە خاڵێکی جیاوازی نێوانیان ئەڵمانیا لە ڕووی پیشەسازییەوە زۆر لەپێش بوو، ئیتالیا هێشتا سەرەتای بوو، وە بە وڵاتێکی کشتوکاڵی مابۆوە. ئەگەرچی پرۆسەی یەکگرتنەوە کەمی بەری ڕەنجی جوتیاران بوو.

خاڵێکی تریش بریتییە لەوەی کەسانی وەک ماتزینی لە پشت شۆڕشی ریسۆرگیمەنتۆی ئیتالییەوەن بە فکر و هزری گەشی نەتەوەیی دیموکراتی ،لێ لە ئەڵمانیا هێزی پرووسیای هەڵکەوتوو و کاریزمایی بسمارکی لیبەڕاڵ،زەمینەخۆشکەری یەکگرتنەوەی ئەڵمانیان.

ئیتالیاییەکان لەبەرئەوەی خاوەن ئەقڵێت و کولتوورێکی لیبەڕاڵ بوون، وڵاتەکەیان مەڵبەندی سەرەکی ڕێنیسانس بوو، دوا یەکگرتنەوە بە خێرایی لەژێر کاریگەرێتی دەستووری پەرلەمانی ئینگلیز و فەرەنسیدا، کە دەستوورێکی کراوە و دیموکرات بوو. هەروەها پرسەکانی سەروەرێتی گەل و مافی مرۆ و ئازادییە کەسییەکانی لەخۆ گرتبوو، دەستوورەکەی خۆیان نووسییەوە.

جێی خۆیەتی بڵێین لە ئینگلتەرا و فەرەنسا لە ڕێی دروستبوونی دەوڵەتەوە نەتەوەسازی کامڵ بوو و شۆڕشیان لە خوارەوە بۆ سەرەوە کردووە. لە ئیتالیا و ئەڵمانیا بەپێچەوانەوە نەتەوە دەبێتە دەوڵەت شۆڕش لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەنجام دراوە.

دوای ئەو هەموو هەنگاو و دەستکەوتە گرنگانە ، ئیتالیاییەکان دەستیان کرد بە ژیانێکی نوێی ئازاد، لەسایەی یەکێتی جوگرافی و سیاسی و نەتەوەیی خۆیان دا. ئاخر ئەوان شیرمژی بیروباوەڕی دەیانی وەک ماتزینی کە ڕوو لە کرێکارانی وڵاتەکەی دەکا و دەڵێ:« **برایینە .. نیشتمانەکەتان خۆش بوێت، نیشتمانەکەمان هەوارگەمانە..هەوارگەیەکە خوا پێی بەخشیوین و تێیدا یەک خێزانمان دروست کردووە»**. و مەکیاڤێللی بوون کە ئەویش دەڵێ:«**نیشتمانتان لە گیانی خۆتان خۆشتر بووێت.!!«**

ئاکامگیریی:

+ ئیتالییاییەکان بەتێکڕا یەک هیوا و ئامانج و ستراتیژیان هەبوو، ڕزگاری نیشتمان و دەرپەڕاندنی هێزە بێگانەکان...

+ تەواوی دەستەوتاقم و گرووپەکان بەشداری شۆڕش بوون و ڕۆڵیان گێراوە، لە خاوەن موڵک و بەگزادە و بەتایبەت دەستەی خوێنەوار و دەستەبژێری ئاکادیمیستەکان و لیبەڕاڵەکان..

+ هەر دەرفەتێک هاتبێتە بەردەم ئیتالییەکان بە وریایی و ئاقڵانە و خێرایی بە سوودی پرسە ڕەواکەیان قۆستوویانەتەوە.

+ سێ سەرکردە، ماتزینی باوکی ڕۆحی ڕیسۆرگیمەنتۆ و جەنەڕاڵ گاریباڵدی سەرکردەی مەیدانی دەرەوشاوە و کافوور وەک سیاسییەکی واقعبینی ریاڵ پۆلەتیکی،لە سێ کایەی جیاوازەوە ئەرکی ژیانەوە و یەکگرتنەوەی ئیتالیایان لە ئەستۆ گرت و بەئەنجام گەیاند.

+ یەکگرتن یاخود یەکگرتنەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە سەرکەوت...

+ ئیتالییەکان شۆڕش و ڕاپەڕینیان کرد بەرامبەر داگیرکەرەکانیان و لەچەند وێستگەیەکیشدا لە ناوخۆیاندا ، بە ڕاپرسی یەکیان گرتوو و دەستکەوتی نەتەوەییان بەدەست هێنا.

+ ئاکامی 3 شەڕ کە داگیرکەرەکانیان تێی کەوتن بوونە فاکتی هەرە گرنگی سەرکەوتن و یەکگرتنەوەی تەواوەتییان. بەشداری فەرەنسا لەشەڕی کریم دا، شەڕی فەرەنسا دژی پروسیا ، شەڕفرۆشتنی خۆیان بە پشتیوانی فەرەنسا بە نەمسای هابسبۆرگی..

+ جوگرافیا و ، کولتووری هاوبەشی سەردەمی ئیمپراتۆرێتی ڕۆمانی و بیری نەتەوایەتی ئەقڵێتی لیبەڕاڵێتی لەم پرۆسەدا ڕۆڵێکی گرنگیان گێرا.

+ دەنگی ناڕەزایی ناوخۆ بەرامبەر بە ریسۆرگیمەنتۆ کز و نەبوونی دیاردەی براکوژی...ڕێژەیەک لە خەڵکی سیخوڕ و خۆفرۆش هەبووە،لێ کاریگەریی کردەییان لە پرۆسەکەدا نەبووە.

+ هەر لەسەرەتاوە داوای کۆمارێکی دیموکراسی بەتایبەت بزاڤەکەی ماتزینی،دروشمێکی نەگۆڕ بووە.

+ لە ئیتالیا هەموو بنەماکانی بیری نەتەوەیی هەبوو،بەڵام کاتێکی دوورودرێژی دەوێت تا دەبێتە ویست و ئیرادەی کۆ و هێزێکی گۆڕاندروستکەر.بەسەرکردەی لێهاتوو و سیاسەتی حەکیمانەوە کار بۆ یەکگرتنەوە بکات. هەموو هێزەکان داوای یەکگرتنەوە/ وحدة یان کردووە نەک یەکێتی/ اتحاد.

+ هەرچی ئامراز و وزەیەکی لەتوانای ئیتالییەکاندا بوو، بۆ یەکگرتنەوەی خستیانە گەڕ.

###################

سەرنج: ئەم نووسینەی زادەی بینین و گوێ لێگرتن و خوێندنەوەی کۆمەڵێ سەرچاوەی جۆراوجۆرە و پوختەیەکە، لە مێژوویەکی دوورودرێژ.